
چیرۆک



جەلیل محەمەد شەریف

# جمکانه



جله نوێیەکەی لەبەر کرد، بۆنێکی گرانبەهای لە خۆ دا، لەو شوێنەی هەموو گیانی بوو بە ئەندامی چاوەڕوانی تاوێک ئۆقرەی گرت. سەوزایی و گوڵە رەنگاوڕەنگەکانی دەوری خۆی فەرامۆش کردبوو، گوڵەکان چەند هەوڵیان دا سەرنجی بۆ لای خۆیان راکێشن، بێهوودە بوو. لەگەڵ شنەبایەک جووت بوون و کەوتنە سەما، خۆیان کردە پەپوولە، لە روخسارە داماوەکەیەوە نزیک بوونەوە، بە دەور سەریا و بە پێش چاویا کەوتنە ورشە و خۆ بادان. ئەم لەوێ نەبوو، لەگەڵ ملۆزمێکا کەوتبووە زۆرانبازی، کێشمەکێش دەیهێنا و

دەبیرد، چرکەیەک بەرچاوی روون دەبووەوە، پێش ئەوەی روونبوونەوەکە تابلۆی بوونەوەران لە بەرچاوی بەرجستە بکا، چەند چرکەیەکی تر دەبوونە لێلاییی بەرچاوەکانی... «ئەوان پاش هەندێک دەگەنە ئێرە.. لە بەرامبەرم دەست دەکەن بە تەتەڵەکردنی ناوەڕۆکی مێشک و دەروونیان... باسە دوانەبراوەکان لێک دەئاڵێن.. ئەرێ و نەرێ دەستەویەخە دەبنەوە، دەنگمان بەرز دەبێتەوە، سەری گوریسەکەمان لە دەست دەردەچێ.. بەدوایدا دەگەڕێین.. دەکەوینە هەناسەبڕکێ.. گوڵەکان و پەپوولەکان هەراسان دەکەین...»

بە پەلە لاپەڕەکانی دوێنێ و پێرێی هاتە بەر دیدە، هەندێکیان رەش، هەندێکیانم بۆر، هەندێکیشیان روناک و دڵڕفێن و تەمەن کورت. ئەو تەمەن کورتانە بووبوونە خۆراکی سالانێکی زۆر. لە یەخەی نەدەبوونەوە، هەردوو دەستی پان کردەوە بەرەو شینایی ئاسمان، تکای ئەوەی کرد کە تاوێک دڵنیایی ببێتە هاوڕێی دەروونی، بەڵکو رەنجانی گوڵ و پەپوولە ناسکەکانی رۆژێ لە رۆژان کۆتایی پێ بێ. هەڵسایە پێوە، بزماری "نەرێ"کان لە نێو سینگی چەقی، رووی کردە روخساری گوڵە دەم بەخەندەکان، پاکانەی خۆی کرد، لالایەوە، دەیان پاساوی هێنایەوە، ورشەی باڵەکان قسەی پێ بڕی.

تێرە... پۆشتەیە... لە ژێر سێبەتی بەهەشتێکی ئارامدا دێ و دەچێ دەنگی کۆترە باریکەکان تەواوکەری تابلۆکەیە. لە چرکەیەکدا لە هەنگێک راما، بە شێنەیی هات و دەمی گوڵێکی ماچ کرد و لەگەڵیا جووت بوو... «ئایا دەبێ ئەویش لاپەڕەی رەش و چرکەی نیگەرانی و ترسی سبەینێی کردبێتە نێو هەگبەی هاتن و چوونی؟!» دانیشتەوە، هیچ چێژێکی لەو کات و ساتەی خۆی نەدەبینی. یەکەم جار نەبوو کات و ساتی ئاوا بە خۆیەوە ببینێ، کەچی رەشەبای وەیشوومە بەرە بەرە نزیک دەبووەوە و دەبووە هۆکاری تاڵبوونی رۆژگاری و هەڵوەراندن و پڕووکانی باڵە نەخشین و پەڕە رەنگینەکان. بۆن سۆیان لێ هەڵدەستا، ترس و خەفەت دووبارە دەبووەوە ملۆزمێکی تازە.. ئایا دەبێ گرووپێ هەبێ ئەمسەر و ئەوسەری رێگەی بوون و نەمانی لێوە دیاربێ، لەبەر هەتاوێکی هەمیشەییدا؟! یانەخۆ هەموو گرووپێک وەک ئێمە ترسی ئاڵۆزی سبەیی و دووەی و لەدایکبوونی وەیشوومەیەکی تازە لە تۆماری ژیانیاندا نووسرابێ. لەو رۆژەوەی گانگۆڵە دەکەین هەتا جلەکانمان لەبەر دادەکەندرێ، ترس و خەفەت و نەهامەتی لەگەڵماندا بووەتە جمکانە. بریا من و هاوڕێ جمکانەکەم لە یەکەم هەفتەوە شەوە بمانیبردایەوە، وەکەکەی مامە کرنۆ سەر رەحەت لە دنیای نەبووندا دەتواینەوە...